## گۆڤاری هەڵاڵە

من لە زنجیرەی ژمارە 99ی ئەم وتارانەدا باسی گۆڤاری هەڵاڵەم کردوە و ناساندوومە. ئێستا لەبەر رووناکایی کتێبەکەی د. هێمداد حوسێن (ئاڵقەی ژمارە 192) جارێکیتر بە وردی بە ژمارەکانی گۆڤاری هەڵاڵەدا دەچمەوە.

جگەلەوەی گۆڤارەکە خۆی لە بۆکان دەرچووە و سەرنووسەرەکەی – شەهید حەسەنی قزڵجی، بۆکانییە، ئەم بابەتانەی ناویشی هەرکام بە شێوەیەک بۆکان دەگرنەوە:

<u>ژمارە 1، رەشەمەی 1324 [1946]</u>

هەڵاڵە نووسینی ع. هەژار

دوو دەنگ ئێستاش گوێی سووک دەزرینگێننەوە، نووسینی "ح. قزڵجی" [دەبی حەسەنی قزڵجی بێت]؛

به شەرعی ئیسلام کوردستان هی خۆمانە، نووسینی م. ص قزڵجی[قازی کاکە حەمە].

شیعری هەژار لە رێ ورەسمی هەڵکرانی ئاڵای کوردستان لە مەهاباد :

*"نیشتمانی خۆشەویست شەوگاری ڕەش نەیما ئەسەر ... ."*

دیسان ح. قزڵجی

پیرۆز بێ جێژنی بیست و هەشتەمی هێزی سوور، ح. قزڵجی

هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان لە شاری بۆکان، شیعری ئاغای سەید کامیل، شیعری ئاغای حەقیقی، شیعری قانع.

چاکە، لە فارسییەوە وەرگێڕاوە، ح، قزڵجی

کرانەوەی پۆلی شەوانەی خوێندن، حەسەن مودەڕریسی سەرۆکی فەرهەنگی بۆکان

ئەو ئاغایانەی خوارەوە یارمەتییان بە هەڵاڵە کردوە: حەمەدەمین ئاغای ئێلخانی زادە 200 تمەن، سەید عەزیز سەیادەت (کوڕی جەنابی حاجی بابە شێخ)100 تمەن، برایم ئاغا ئێلخانی زادە 100 تمەن، سەلیم ئاغا ئێلخانی زادە 100 تمەن و سەید عەلی هاشمی (کوڕی جەنابی سەیدی زەنبیل) 50 تمەن.

نێونیشانی هەڵاڵە : بۆکان – کومیتەی مەحەللی حزبی دێموکراتی کوردستان، لکی بۆکان.
مودیری ئیدارە : حەسەن قزڵجی

<u>ژمارە 2، خاکەلێوەی 1325[1946]</u>

سەفەری دەریا، ح. قزڵجی

هەڵاڵە و بەهار، شیعری ئیمامی [سەید کامیل (ئاوات)]

خەوێکی خۆش، ئەبوبەکر ئیلخانی زادە

گەزی چی و جاوی جی؟ هەژار (پەخشانی سیاسی)

خێوی گوڵ و وەنەوشە، هەژار(شیعر)

گوڵاڵەسوورە (پەخشان)، ح. قزڵجی

ئەلف و بێ کلیلی دەرکی بەهەشتە، حەسەن مودەڕریسی سەرۆکی فەرهەنگی بۆکان

تازە بوو ساڵ (شیعر)، حەقیقی

<u>ژمارە 3، بانەمەڕی 1325[1946]</u>

کوردستانی ئەمڕۆ، پەیمانی کورد و ئازەربایجان، ح. قزڵجی
بۆ خۆشەویستم، (پەخشانی ئەدەبی)، ح. قزڵجی
تازەبووساڵ (پاشماوەی شیعری ژمارەی پێشوو)، حەقیقی
شاعیری مللی و بەناوبانگی کورد – هەژار، ح. قزڵجی
کورد و ئازەربایجان (شیعر)، هەژار
هەی لێفەشڕە (شیعر)، هەژار
جێژنی نەسبی تابلۆی مەدرەسەی بۆکان

بۆ دەقی چاپکراوی دووبارەی هەر سێ ژمارەی گۆڤارەکە، بڕوانە:

*د. هێمداد حوسێن، "ڕۆژنامەوانیی کوردی سەردەمی کۆماری دیمکراتی کوردستان 1943 – 1947"، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، 2008، 1023 لاپەڕە، کوردی (ئاڵقەی ژمارە 192ی ئەم زنجیرە وتارە).*